Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# هـۆکـارەکـانی پـەکخســتن و لاوازبوونی پەرلەمانی کوردستان

ڕاپۆرتی شیکاری

٢٠٢٥


Sulaymaniyah, Ashty,
Opposite to Azadi Park

www.visionfoundationiq.org

+964 772 330 0005

# هۆکارەکانی پەکخستن و لاوازبوونی پەرلەمان لە پانێڵێکدا گفتوگۆ کرا

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە هاوبەشی لەگەل رێکخراوی نیشتمان بۆ هەموان، رۆژی یەکشەممە ٢٠٢٥\٩\٢٨ پانێڵێکیان دەربارەی ئایندەی کاری پەرلەمانی و مەدەنی لە هەرێمی کوردستان رێکخست. لە پانێڵەکەدا هەریەکە لە ئەبوبەکر هەڵەدنی مافناس، دکتۆر سەروەر عەبدولڕەحمان سەرۆکی دامەزراوەی پەی، عەدنان عوسمان سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، وەک پانێڵست بەشداربوون و خاتوو ژیمان عەبدولرحمان وەک مۆدریتەر پانێڵەکەی بەرێوەبرد.
لە پانێڵەکەدا، کۆمەڵێک تەوەری گرنگ خرانەڕوو و گفتوگۆییان لەبارەوە کرا، ئەوانیش:

## گرنگی رۆڵی پەرلەمانی کوردستان

بوونی ئەنجومەنێکی هەڵبژێردراو (پەرلەمان) بە یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراسی دادەنرێت، کە نوینەرایەتی گەل دەکات و دەنگ و رەنگ و ویستی هاوڵاتییانە. پەرلەمان رۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە دەرکردنی یاساکان و پەسەندکردنی بودجە و چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و بڕیاردان لەسەر پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان.

بۆ یەکەمجار پەرلەمانی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ هەڵبژێردراوە و دەستی بەکارەکانی کردوە و تائێستا شەش هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە. بە کۆی گشتی لەو ماوەیەوە تاوەکو ئێستا ئەگەر هەژماربکرێت ٨ ساڵ پەرلەمان لە بۆشایی یاسایدا بووە یاخود پەکخراوەو هەڵبژاردن دواکەوتووە.
سەرەڕای رەخنە و کەمو کورتییەکان، پەرلەمانی هەرێمی کوردستان رۆڵی گێڕاوە لە دانانی یاساکاندا و لەماوەی کارکردنیدا توانیوێتی (406) یاسا دەربکات و دەیان بڕیار بدات لەبارەی پرسە جیاوازەکانەوە. بەڵام لەڕووی دەسەڵاتی چاودێری و لێپرسینەوە کەمتر رۆڵی بینیوەو تەنها تونێوێتی لەخولەکانی رابردوودا سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان بانگێشتی پەرلەمان بکات.

کاراکردنی رۆڵی پەرلەمان کوردستان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر ژیانی سیاسی و بەهێزکردنی دامەزراوەکانی دەوڵەت و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان، لەم بارەیەوە ئەبووبەکر هەڵەدنی دەڵێت: " بە بوونی پەرلەمانێکی کارا، حکومەت هەست دەکات چاودێری بەسەرەوەیەوە و ژیانی خەلکی باش دەبێت و گەندەڵی کەمدەبێتە......دەبێت جەخت لەسەر کاری پەرلەمانی بکەینەوە، چونکە پێم وایە ئێمە هیچ بەدیلێکی دیکەی سیاسییمان نییە، هەرگیز نابێت بیر لە رێگای شەڕ بکەینەوە، چونکە دەبینە کرێگرتەی دەستی وڵاتانی ئیقلیمی و لە داهاتوودا ناتوانین هەرگیز سەربەخۆ بین. ئەزموونەکانی وڵاتانی باشووری ئاسیا سەلمێنەری ئەوەن ئەگەر بێت و ئێمە سەبرمان هەبێت ئەو کاتە دەتوانین ڕۆژێک لە ڕۆژان پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستان سەربخەین".

هەروەها عەدنان عوسمان پێوایە لە ئێستادا دوو ئاراستە هەیە کار لەسەر لاوازکردنی سیستمی پەرلەمانی دەکات، یەکەم هەژموونی دەسەڵاتی تەنفیزی لەسەر کاری پەرلەمانی ودووەم لاوازی پەرلەمان خۆی بە جۆرێک کەمێک تەمبەڵی پێوە دیارە و تا ڕادەیەکیش لەئاست ئەرکە گرنگەکانی لەچاودێری دەسەلاتی جێبەجێکار پاشەکشەی کردوە.... بە گشتی لەسەر ئاستی جیهان هەست بە پاشەکشێ سیستەمی پەرلەمانی و گەڕاندنەوەی سیستمی سەرۆکایەتی دەکرێت ، هەرچەندە ئەمە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگۆڕێت.... تەنانەت سیستمی سەرۆکایەتیش لە هەمان کاتدا پەرلەمانی هەیە و ناتوانین ئەوە بکەین بە پاساو بۆ ئەوەی بڵێین با سیستم بگۆڕیت بۆ سەرۆکایەتی چونکە پەرلەمانمان ناچالاکە"

بەهەمان شێوە، د. سەروەر عەبدولڕحمان دەڵێت:" پەرلەمان پیرۆزترین شوێنی هەرێمی کوردستانە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگا، چونکە تاکە سەکۆیە کە شوێنی هەموو بیرکردنەوە جیاوازەکانی تێدا دەبێتەوە". هەروەک چۆن د.ڕێبوار کەریم ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەم رووەوە سەرنج دەدات و دەڵێت " سێ ڕێگامان لەبەردەمدایە: وازبهێنین، یان دەستدانە خەباتی چەکداری یان ئەوەتا لە خەباتی مەدەنی بەردەوام بین..... پێویستە پشوودرێژبین و کوردستانیش وەکو ولاتانی دیکە بەهەمان قۆناغی راگوزەردا تێپەڕدەبێت و ئێمە پێویستە لە خەباتی مەدەنی خۆمان بەردەوام بین".

لەبەرامبەردا بۆچونێک هەبوو کەپێیوایە سیستمی پەرلەمانی ئەو گرنگییەی لە ئێستا نەماوە، پەیمان عیزەدین ئەندامی خولی سێی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە دەڵێت:" لەسایەی سیستمی پەرلەمانییەوە نەتوانراوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێت، هێشتا هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی بوونی نییە. بۆیە بە بۆچوونی من سیستمی پەرلەمانی بۆ ئەم وەختەی ئێستای هەرێمی کوردستان ناگونجێت. پێموایە پێویستە ١٠ ساڵ کات بدەین بە سیستمێکی نوێ وەکو سیستمی سەرۆکایەتی بزانین ئەو چیمان بۆ دەهێنیت".

## گرفتەکانی بەردەم پەرلەمان

نەبوونی دەستور و ڕێکنەخستن و دیارینەکردنی ڕۆڵ و پێگەی پەرلەمان تیایدا، یەکێکە لە بەربەستەکانی بەردەم ڕۆڵ بینینی پەرلەمانی کوردستان. هەرچەندە کاروباری پەرلەمان بە پەیڕەوی ناوخۆ و یاسای هەڵبژاردن ڕێکخراوە، بەڵام بە بەردەوامی پێشێل دەکرێن، باشترین نمونەش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانە کە زۆرجار لەوادەی یاسای خۆیدا ئەنجام نادرێت و لە بۆشایی دەستوردا کە خولی پەرلەمان کۆتایی دێت ماوەی یاسایی بۆ خۆی درێژ دەکاتەوە.

سەبارەت بە هۆکاری نەبوونی دەستور، د. بایەزید حەسەن ئەندامی پێشوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت:" پێم وایە هۆکاری دانەنانی دەستوور لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە کورد حەزی بە یاسا نییە، بەڵکو ئەگەر دەستوور هەبوایە دەبوو بودجەمان هەبوایە، هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوومان هەبوایە...هتد، بۆیە دانانی دەستوور تاکە چارەسەرە". هەروەها سالار محمود ئەندامی پێشوی پەرلەمانی هەرێم ئاماژە بەوە دەکات" کە کاتێک سەرۆکی پەرلەمان لای ئۆپۆزیسیۆن بوو بە هەمان شێوەی پێش خۆی دژی تێپەڕبوونی دەستوور بوو، کاتێک داوامان دەکرد لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور بێت، پێیان دەوتین نابێت، پێویستە لیژنەی ئامادەکردنەوەی دەستوور لە بناغەوە دووبارە کاری لەسەر بکرێت".

گرفتێکی تر، لاوازی پەرلەمانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن و حیزبەکان، بەشێوەیەک زۆربەی حیزبەکان کادری لاوەکی کاندید دەکەن بۆ پەرلەمان کە لەناو حیزبەکانیاندا دەسەڵات و ڕۆڵێکی ئەو تۆیان نییە و سەرۆکی حیزبەکان نایەنە ناو پەرلەمانەوە وەک لەزۆربەی پەرلەمانەکانی دەوڵەتانی جیهان دا هەیە تەنانەت لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی فعلی بڕیاردان لە ناو پەرلەمان نەبێت، بەڵکو لەدەرەوەی پەرلەمان بێت. لەم ڕووەوە، ئەبو بەکر هەڵەدنی دەڵێت: "لە ئەوروپا حزب مومارەسەی سیاسەت لەناو حکومەت و پەرلەمان دەکات، بەڵام لێرە لە دەرەوەی پەرلەمان و حکومەت مومارەسە دەکرێت".

## پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و یاساکان بەهۆی ململانێی سیاسی و دەستێوەردانی حیزبی

د. سەروەر پێوایە پەرلەمانی کوردستان لە هیچ پەرلەمانێکی جیهان ناچێت، بە جۆرێک ماوەی ٨ ساڵ بە قۆناغی مت بوون تێپەڕیوە، بۆ نموونە لە ٣٣ ساڵدا ٢٠ ساڵ بودجەی نەبووە یان پەسەندی نەکردووە. پەرلەمانی کوردستان ٤٠٦ یاسای دەرکردوە، بەڵام ٩٤٪ یان پیشێلکراون یان هەر نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە. لە ڕووی چاودێرییەوە جگە لە خوولی سێیەم کە توانیویەتی سەرۆک و جێگری سەرۆکی حکومەت و هەردوو وەزیری پیشمەرگە و ناوخۆ بانگێشتی پەرلەمان بکرێن، جگە لەمانە لە هیچ خولێکی دیکە کەس نەچۆتە بەردەم پەرلەمان، لە کاتێکدا گەندەڵی لە ئاستێکی بەرزدا بووە و پێویست بوو چەندین کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

د. سەروەر عەبدولڕەحمان پرسیاری ئەوە دەکات چۆن دەکرێت سێ ساڵ پەرلەمان لە بۆشای یاسایدا بێت؟ حکومەتێک سێ ساڵ کاربەڕێکەر بێت؟ چۆن دەکرێت ئەو دەستانەی چاودێری حکومەت دەکەن پەکبخرێن؟ دیوانی چاودێری دارایی چەند ساڵە سەرۆکی نییە و کارەکانی نایاساییە، توانای دروستکردنی لیژنەکانی نییە. دەستەی نەزاهە نۆ ساڵە بە نایاسایی کاردەکات و نەیتوانیوە لێپێچینەوە لە هیچ کەسێک بکات و دۆسییە گەورەکان هەڵدەسپێردرێت. سەرۆکی دەستەی مافی مرۆڤ ماوەکەی بەسەرچووە و بە نایاسایی کارەکان رادەپەڕێنن، کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانیش بەهەمان شێوە ویستیان ماوەکەی درێژبکەنەوە. ئاماژە بەوەش دەدات کە ئینستیتوتی پەی چاودێری حکومەت بووە و بەردەوام لە شەڕدا بوون لەگەڵ پەرلەمان و فشاریان خستۆتە سەر پەرلەمانتاران تاوەکو کاری خۆیان چالاکانە بکەن، بەڵام چەندین جار سەرۆکایەتی پەرلەمان رووبەڕوومان بوونەتەوە و قەدەغەی ئامادەبوونیان لێکردووین لەناو پەرلەمان و داتایان پێ نەداون.

د. شێرکۆ جەودەت ئەندامی پێشوی پەرلەمانی کوردستان پێیوایە لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستان پەکخراوە کەبوونی زۆر پێوسیتە، هەرێم و ناوچەکە بەدۆخێکی هەستیار و پڕکێشەدا تێدەپەڕن. دەشڵێت لە خوولی پێنجی پەرلەمانی کوردستان رێگری لە پەرلەمانتار کراوە بچێتە ناو پەرلەمانەوە بە ئەمری سەرۆکایەتی پەرلەمان تەنها لەبەرئەوەی داوای کردوە کار لەسەر پرسی مووچە بکرێت.

## پێشنیاز و چارەسەرەکان

سەبارەت بە پێشنیاز و چارەسەرەکان، عەدنان عوسمان ئاماژە بەوە دەدات کە پێویستیمان بە دوو گۆرانکاری سەرەکی هەیە، ستوونی و ئاسۆیی.

**یەکەم/ ئاستی ستوونی:** پەرلەمان لەدەرەوەی خۆیدا، مەبەست لێی ئەوەیە پێگەی پەرلەمان بهێنرێتەوە لوتکەی هەرەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی چاودێریکردن و بڕیاردان، ئەمە پێویستی بە کۆمەڵێک هەنگاوە:

1. دەبێت دەستوورمان هەبێت و ئاماژە بە سەرجەم رۆڵ و کارنامەی پەرلەمان بدرێت، دەبێت کاتی هەلبژاردن جێگیربکرێت، دەسەڵاتەکانی پەرلەمان تێیدا بە ڕوونی ئاماژەی پێ بدرێت.
2. گۆرانکاری لە یاسای هەڵبژاردن بکرێت و کوالێتی پەرلەمان بەرزبکرێتەوە بەشێوەیەک هەوڵ بدرێت دەستەبژێری بڕیاردەر لە نێوهێزە سیاسیەکان لە پەرلەماندا بن.

**دووەم/ ئاستی ئاسۆیی:** پەرلەمان لەناو خۆیدا،لە ناو پەرلەمان پێویستە کاربکرێت بۆ بەهێزکردنی پەرلەمان واتە لە ناو خۆیدا هەوڵی بەهێزکردن و چالاکردنی بکرێت، پێویستە پەرلەمان هەندێک چاکسای لە خۆیدا بکات و لەسەر بەرنامەی میزاجی شەخسی بەڕێوەنەچێت. دەکرێت چەند دەستەیەک دروست بکرێت:

1. زۆر گرنگە دەستەی گشتی هەبێت لەخوار سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە کە دوو پایەی بنەڕەتی هەیە و دەبێت کار لەسەر هەردووکیان بکرێت: یەکەم فراکسیۆنەکان و دووەم لیژنەکان، ئەم دەستەیە دەبێت لە سەرۆکایەتی پەرلامان و سەرۆکی فراکسیۆنەکان پێکبێت و پێکەوە سەرجەم کارەکانی پەرلەمان بەڕێوەبەرن.
2. دەستەی راوێژ، کە پێکبێت لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، دەستە گشتیەکەی ئاماژەمان پێ کرد، لەگەڵ سەرۆکی لیژنە بەردەوامەکانی پەرلەمان، لە ماوەی چوار مانگدا هەوڵبدەن کاتی دانیشت و بەرنامەی کار دابنێن.
3. زۆر گرنگە بیر لە هەندێ دامەزراوەی پیویست بکرێتەوە بۆ نموونە کۆمسیۆنێک هەبێت بە ناوی کۆمسیۆنی بودجە و جێگیر بێت، چونکە بابەتی بودجە گرنگترین بابەتە.
4. دەستەی سکاڵایە، کە دەتوانێت پەیوەندی هەبێت لەگەل دەستەی مافی مرۆڤ و نەزاهە، ئەمە پەیوەندی نێوان پەرلەمان و هاوڵاتی بەهێزدەکات.

هەروەها عەدنان عوسمان باس لەوە دەکات کە دەبێت لە پەیڕەوی ناوخۆ ئاماژە بەوبدرێت کە پەرلەمان لە ماوەی دەوامی ئاسایی خۆیدا چی دەکات؟ بانگکردنی حکومەت دەبێت یەکێک بێت لە کارە لە پیشێنەکان، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی مانگانە بانگێشتبکرێت.

**سەبارەت بە باشتر کردنی ئەدای پەرلەمانتاران، ئەبو بەکر هەڵەدنی چوار پێشنیاز دەخاتە ڕوو:**

1. لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ئامادەبێت، پێویستە پەرلەمانتار چالاک بێت و ئاگاداری هەموو گۆڕانکارییەکان بێت.

2. پێویستە مامەڵەی ڕاستەوخۆی هەبێت لەگەل فراکسیۆن و لایەنەکانی دیکە، بە تایبەتی لە ناو لیژنەکان، پێویستە ئامادەیی زۆر چالاکی هەبێت، چونکە ئەمە جەوهەری کاری پەرلەمانییە، بەڵام بە داخەوە هەندێک پەرلەمانتار پاڵەوانی سەر شاشەن و بەڵام لە واقعدا هیچ شتێکیان نەکردووە.

3. پەیوەندی لەگەل ڕاگەیاندنەکان هەبێت، بەڵام پێویستە لە سنووری خۆیدا بێت و کات تەنها بە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەوە نەکوژێت.

4. پێویستە پەرلەمانتار پەیوەندی راستەوخۆی هەبێت لەگەل پەرلەمان و شەرم نەکات لە قسەکردن لەگەل دەنگدەرەکانی و لە کێشەکانیان بکۆڵێتەوە.

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Sulaymaniyah, Ashty, Opposite to Azadi Park

visionfoundationiq